# بانکی ناوەندی قەرزەکانی عێراق ئاشکرا دەکات

ئەمە شەممە، بانکی ناوەندی عێراقی قەرزە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی وڵاتی ئاشکرا کرد ،اماژەی بۆکرد لە ئێستادا نزیکەی 150 ملیار دۆلار قەرزارە.

 عەلی عەلاق پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق لە وەڵامی پرسیارێکدا قەبارەی قەرزە زەبەلاحەکانی عێراق ئاشکرا دەکات و دەڵێت"کورتهێنانی بودجە قەبارەیەکی زۆر گەورەی هەیە و ناتوانرێت تەنها لە ڕێگەی قەرزکردنەوە پێبکرێتەوە".

لە وەڵامی پرسیارێکی فەرمی پەرلەماندا، بانکی ناوەندیی عێراق (CBI) زانیاریی وردی لەسەر قەرزەکانی وڵات خستە ڕوو، کە قەبارەیەکی گەورەی کورتهێنانی دارایی لە بەردەم حکومەتدا دەردەخات.

بەپێی زانیارییەکانی بانکی ناوەندی، کەی گشتی قەرزەکانی عێراق ژمارەیەکی مەترسیداری تۆمار کردووە، کە بریتتین لە قەرزی ناوخۆیی ئەم قەرزە لە دابینکردنی پارە بە حکومەت لەناوخۆی وڵات کەدەبێتەوە، کە گەیشتووەتە نزیکەی (91) تریلیۆن دینار، کە بەشێکی زۆری دەکەوێتە سەر بانکی ناوەندی و بانکە بازرگانییە حکومییەکان.

کەی قەرزی دەرەکی عێراق بە وەاتان و دامەزراوە نەودەوەتییەکان، بەکەی گەیشتووەتە (54) ملیار دۆلاری ئەمریکی.

بانکی ناوەندی هەشداری توندی لەبارەی بارودۆخی دارایی عێراقەوە دا، جەختی لەوە کردەوە کە کورتهێنانی بودجە قەبارەیەکی زۆر گەورەی هەیە و ناتوانرێت تەنها لە رێگەی قەرزکردنەوە پەبکرێتەوە. ئەمە ئاماژەیەکی روونە بە ئەوەی کە حکومەت پەویستی بە گرتنبەبەری رەوشوێنی چاکسازی ریشەیی و فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات هەیە.

سەبارەت بە سەرمایەی عێراق لە دەرەوە، بانکی ناوەندی ئاشکرای کرد کە بەهای سەندداتی حکومەتی عێراق کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵگیراون، بریتییە لە 11 ملیار دۆلار. ئەم سەندداتانە بەشێکن لە یەدەگی دارایی عێراق و وەک گەرەنتییەک بە سەقامگیریی دراو و مامەڵە دارایییە نەودەوەتییەکان بەکاردەهێنرێن.